# هاوڵاتی و ئاوێنە دوو سەری کووتەکێکن

نەریمانی سالار

قسەکردن لەسەر هەر کارێکی رۆژنامەگاری ئەمانبات بۆ قسەکردن لەسەر ئەو یاساو رێسایانەی رۆژنامە ئەیگرێتەبەر ، بۆ ئەو راستیانەی ئەگوێزێتەوەو بڵاوی ئەکاتەوە، ئەو رێزو لەبەرچاوگرتنانەی کە پەیرەوی ئەکات ـ هەروەها ئەو مەسەلانەی پێویستە بڵاوی کاتەوەو ئەوانەشی پێویست نین بەوردی مامەڵەیان لەگەڵ بکات، سەرەرای هەموو ئەمانەش هەموو شوهرەتبوونێک بۆ رۆژنامە و کاری رۆژنامەگەری بە پێشێلکردن و ئابڕوبردن و لابردنی پەردە لەسەر رێزو بەهاو مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵگاکان نابێت . ئەوەی لە هەردوو رۆژنامەی دەستەخوشکی (( **هاوڵاتی و ئاوێنە**)) دا ئەبینرێ ،ئەو دوو رۆژنامەیەی کە لە بناغەو لە رووی شێوازی کارکردن و سەرچاوە رۆژنامەگەریەکانیاندا یەکن و بۆ یەک ئامانج کارئەکەن ، تێبینی ئەوە ئەکرێت ئەوان ئامانجێکی تریان هەیە نەک رۆژنامەگەری و یاساو رێساکانی رۆژنامەگەری ، ئەیانەوێ بە ئامانجێکی تردا مەسەلەکان و حەقیقەتەکان بشکێننەوە ، نەک خستنەرووی راستیەکان .

ئەم دوو رۆژنامەیە هەندێ مەسەلە هەن ، زۆر بە لوتبەرزی و بێ ئابڕوانە مامەڵەی لەگەڵدا ئەکەن ، بۆ نموونە ، لە لای بەرێوەبەرانی ئەم رۆژنامەیە مەسەلەیە نیە پێی بووترێت ، ((پاراستنی مافی هاوڵاتێتی و پاراستنی بەهای تاک و مافی تاکەکەسێتی و کولتوورو تایبەتمەندێتی کولتووری گەلێک ، کە هێشتا لە رووی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیەوە زۆری ماوەو زۆریشی ئەوێت)) ، سەرەرای ئەمانەش شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دارشتن و نووسینەوەی بابەتەکانی هەواڵ شێوازێکی بازارانەو زمانی سەرشەقامەو لە دارشتنی هەواڵەکانیش پەیرەوی رێزو بەهای مەسەلە تایبەتیەکان ناکەن (( وەک هەواڵی مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان و ناورزاندنی نووسەرو هونەرمەندان و وەسەرئاوخستنی مەسەلەکانی ئابروو مەسەلەی شەرەف و هەڵماینی پەردە لەسەر گرفتە ئابڕوبەرەکان )) رەنگە هەندێ لەو هەواڵانەی ئەوانیش بووبێتە هۆی ئاژاوەنانەوەو خوێن رژاندن و گیرساندنی گرفتی خێزانی.

لەمەش زیاتر رووی تەکنیکی کاری رۆژنامەگەری لای ئەو برادەرانە لەوەدایە ، تەنیا مەسەلەکان بوروژێنن ، بۆ هەموو گرفتێ ئاگرخۆشکەرن ، چارەسەرخواز نین ، ئەوان لە رۆژنامەکانیان گرفتی حیزب و گەندەڵی و پاوانکردنی پارتەکان ئەخەنە روو ـ بەڵام لەولاشەوە خۆیان مومارەسەی دیکتاتۆریەتی راگەیاندن ئەکەن ، یا بۆردیۆ ئەڵێ ، مومارەسەی داپڵۆسینی هەست و سۆزی تەماشاکەرئەکەن ، بێگومان وەکو تەلەفزیۆنەکان ، ئەوان لە هەموو پرۆژەیەک و هەواڵ و چاوپێکەوتن و دەرخستنی مەسەلەیەکدا، تەنیا یەک مەسەلەیان لا گرنگە ئەویش پێیان بووترێ ئێوە باشترینن ، واتە بە پێی یاسای (( منی باشترین )) کە ئەمەش تیۆریەکەی نیتشەمان وەبیر دێنێتەوە ، کاتێک باس لە مرۆڤی سۆپەرمان ئەکات ، بەڵام منی باشترین بە چ شێوەیەک ، بە چ رێساو یاسایەک ، لەسەر حیسابی بوختانکردن و ئابڕوبردن و لەقکردنی پەیوەندی ،یا لەسەر حیسابی راستی و دروستی، ویژدانی رۆژنامەگەری .

لەمەش زیاتر مانشێتی گەورەو هەواڵی هەڵبەستراو، ئەو شێوازە مردووەی دنیای رۆژنامەگەری کە هاولاتی و ئاوێنە مومارەسەی ئەکەن ، زۆر دوورە لەو ئەزموونە رۆژنامەگەریەی کە لە دنیادا ، بەرەو گەشەکردن ئەڕوات ، زۆر نزمترە لەو رێورەسمەی کە دنیای رۆژنامەی پێ ئەناسرێ ، ئەگەر ناوێکی پڕ بە پێست بۆ ئەو شێوەیەی ئەوان دانێین ئەتوانین بڵێین ((بەیاننامەی ئاوێنەو هاولاتی)) ، یاخوود کەشکۆڵی هەواڵی سەیرو سەمەرەیە.

ئامادەبوونی ئەو هەموو شێوازە سەیرو سەمەرانەو ئەو ناتەواوی و کەموکوڕیانە کە لە نێو ئەم دوو رۆژنامەیە هەن ، مانای ئەوە نیە کە بارودۆخی رۆژنامەی کوردی جێگای دڵخۆشکەریە و رۆژنامەکانی دیکەش لەمان باشترو توانیویانە بگەنە ئاستی تەواوی رۆژنامەو رۆژنامەگەری.

بەڵێ رەنگە ئازیزانی ئەم دوو دەستە خوشکە لێم زویربن ، گەر بڵێم تۆزێ بەزەییتان بەو خەڵکە بەسەسزمانە بێتەوە ، کە بە دەستی دەردی گەورە ئەتلێتەوە ، ئێوەش دەردەکانیان گرانتر مەکەن ، ئەوانێک کەس یارو دۆستیان نیە ، ئێوەش لە سارایی نەگیەتیەکانیاندا تەنیاتریان مەکەن ، لە قولایی سەرسوڕمانیەکانیاندا سەرسوڕمانتریان مەکەن ، با چیتر بە تلیاکەکانی ئێوەش تووشی گێژی ساختە نەبن ، با بە پرسیارەکانیان بگەن ، با وەڵامیان لەبەر دەستا بێت ، نەک رووبارێک بن لە تەنیایی .

ئەوان بە درۆی سیاسیەکان ئابڵوقە دراون ، ئەوان هەموو رۆژێ چەواشە ئەکرێن ،

ئێوەش مەبنە هاوبەش لەو گەمە ژەهراویەو با چیتر مرۆڤی کورد لە خەیاڵدا نەژی. ئێوەیەک لەسایەی ئەوانداو لە نێو یارمەتیە ئابوریەکانی ئەواندا دەستبەکارن ، بتانەوێ و نەتانەوێ بەشدارن لە گەمەیەکی نهێنی ، رۆژنامەگەری بونیادی ژیانی مرۆڤ ئەگۆڕێ ، بەڵام لە سایەی ئەم جۆرە رۆژنامانەدا ژیانی مرۆڤی کورد هەر رێژەیەکی نەگۆڕەو ناشگۆڕێت.